www.kurdistannet.org
27-9-2007 23:17بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**کۆنگرە، یان کوتلە و کوتلەکاریی ... فەیسەڵ شێخانی**

وەک ئاشکرایە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆنگرەی (12) ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر بە چاودێری سەرۆکی هەرێم و بە بەشداریی 410 ئەندام کۆنگرە، کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بە هەردوو پارێزگای بەغدا و موسڵیشەوە، هاتبوون، بەڕێوەچوو، ئەم کۆنگرەیە پێکهاتبوو لە دوو کوتلەی سەرەکی ئەویش کوتلەی "ئاریان سەلاحەدین" و "ڕێناس جانۆ" بوو، ئەم کۆنگرەیە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردوو، جیاوازییەکەش لەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوەدا دیاریی دەکەم:

*ڕۆژێک پێش وادەی هەڵبژاردن، ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت هەڵبژێردران، ئەمەش بۆیە کرا، هەست دەکرا کە پشێوییەک بوونی هەبوو، لەناو ئەو هۆتێلانەی کە قوتابییانی دەرەوەی هەولێر، پشوویان تێدا دەکرد، چەند جار دەنگە دەنگ و ئاژاوە دروست بوو، بۆیە، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کام لە ئەندامانی کۆنگرەیان ئاگادارنەکردبووەوە و ڕۆژێکیان هێنایە پێش و کۆنگرەیان کۆتایی پێهێنا.

* ئەم کۆنگرەیە بەلاغی کۆتایی نەبوو، وابزانم ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە بە زووترین کات کۆنگرە کۆتایی پێ بێت و کێشە دروست نەبێت، ئەمە کەموکوڕییەکی زەقی ئەو کۆنگرەیە بوو.

* دەبووایە هەمو ئەندام کۆنگرەکان سەردانی مەزاری نەمرانیان بکردبایە، بەڵام بەهۆی ئەو پشێوییەی کە بەڕێوەبوو، ئەوەش نەکرا.

* لەناو ئەندامانی تازەی مەکتەبی سکرتارییەتدا، یەک ئەندامی خەڵکی سلێمانی و کەرکوک دەرنەچوون، خۆ تەنیا دوو ئەندامی تازەی خەڵکی هەولێریشی تێدابوو، دەرنەچوونی کوتلەی ئاریانیەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ئاریان سەلاحەددین" تەنیا کاری بۆ شەخسی خۆی دەکرد.

* لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، پشێوی و هەلایەکی گەورە دروست بوو، ئەمەش وایکرد کە دادوەری سەرپەرشتیار، کلیلی هەموو دەرگاکانی هۆڵەکە بباتە لای خۆی و بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر چوونە دەرەوەی قەدەغەکرد.

* لەکاتی چوونەژوورەوەی ئەندامانی کۆنگرە بۆ بەڕێوەچوونی، هەڵبژاردن، کارەبای سەرەکی ناو هۆڵەکە برا و ئەندامانی کۆنگرە ماوەیەکی زۆر لە ژێر ڕەحمەتی بێکارەبایی ناڵاندیان. ئەمەش وایکرد کۆنگرە بگاتە نزیک پارشێو.

*لەم کۆنگرەیەدا، کوتلەیەک لەو دوو کوتلەیە، دوو کچی جوانیان هەبوو، هەتا پارشێو و بەرەبەیان بەناو هۆتێلەکانیاندا دەگێڕان تەنیا بۆ ڕیکلامکردن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.